## مەرامنامەی گرووپی ٢٥ی شەهریوەر

## پەسەندکراوی ئاڤریلی ٢٠٢٤ بەرابەر لەگەڵ بانەمەڕی ١٤٠٣

گرووپی ٢٥ی شەهریوەر لە کەسانێک پێک هاتووە کە دوای ساڵانێک تاوانەکانی ڕێژیم و پاسیڤبوونی گرووپە دژبەرەکان، لە دەوری یەک کۆ بوونەتەوە تاکوو بە یارمەتی و هاوکاریی خەڵک، ئێران بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و هەمەلایەنە ئامادە بکەن. ئێرانێک کە دوای ٢٥ی خەرمانان پیشانی دا کە خوازیاری تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەمە خواستی گرووپەکان و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەیە و ئەم خواستە لە دروشمەکانیاندا دەبیسترێت. گرووپی ٢٥ی شەهریوەر باوەڕی بە بایەخ و خواستگەلێکە و بە یارمەتی و هاوکاریی ئێرانییەکان بەدوای پێکهێنانی بەستێنی وەدیهاتنیانە. ئەم بایەخگەلە بەدوای بنیاتنانی ئێرانێکی ئازاد، ئاوەدان و پێشکەوتووە کە تێیدا هەموو ئێرانییەکان خاوەن پێگەی شارۆمەندی و کەرامەت و ڕێزی یەکسان بن. ئێرانێک کە پێگەی گونجاو و شایستەی لەنێوان وڵاتاندا هەبێت. ئەم گرووپە لەم مەرامنامەیەدا لانیکەمەکانی گەیشتن بەم بایەخ و خواستانەی ناساندووە و لە هاوکاریی تاکەکان، گرووپەکان و حیزبەکانی دیکە کە بەدوای ئەم خواستانەوەن، پێشوازی دەکات.

بەندی ١- حکوومەت و دەسەڵات "ماف" و هی خەڵکە. ئەم "ماف"ە زەوت ناکرێت. هیچ تاک، مەقام، ناوەند یان ڕێکخراوێک نابێ و ناتوانێت ئەم "ماف"ە لەبەر چاو نەگرێت و زەوتی بکات. ئەم "ماف"ە دەبێ لە هەموو دیسپلینی تاکی، کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەنگ بداتەوە و پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە "ماف"ی حکوومەت و دەسەڵاتی خەڵک دەرکەوێت و بەڕێوە ببرێت.

بەندی ٢- گرووپی ٢٥ی شەهریوەر، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە غاسب و ڕێگری مافی حکوومەت و دەسەڵاتی خەڵک دەزانێت، بۆیە لەسەر لابردن و تێپەڕین لە گشتییەتی ئەم ڕێژیمە جەخت دەکاتەوە و بۆ دامەزراندنی دێمۆکراسی و ناوەندەکان و ڕێکخراوە خەڵکییەکان "مافی بەرگریی ڕەوا" و لە ئاکامدا "مافی شۆڕش" بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی، بە فەرمی دەناسێت و هەوڵ بۆ وەدیهاتنیان دەدات.

بەندی ٣- گرووپی ٢٥ی شەهریوەر، لەسەر "شۆڕش" لە ڕێگای "خەباتی مەدەنی و نافەرمانیی مەدەنیی گشتگیر" جەخت دەکاتەوە. شێوازەکان و تاکتیکە گونجاوەکان بۆ وەدیهاتن و سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕەوتی خەبات، بە شێوەی گونجاو ئۆرگانیزە کراوە، دەگۆڕدرێت و کەڵکی لێ وەردەگیردرێت.

بەندی ٤- شۆڕشی ئێران پشتی بە بزووتنەوە خەڵکییەکان بەستووە. گرووپی ٢٥ی شەهریوەریش بە دەستپێشخەریی خەڵک، لە هەوڵی وەدیهاتنیەتی.

بەندی ٥- مافی خەڵکی ئێران بەپێی بنەمای ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ و کۆنوانسیۆنە پەیوەندیدارەکان و هەروەها بایەخە نوێ، قەبووڵکراو و بەڕێزە مللی و جیهانییەکان دەبێت کە لە یاسای بنەڕەتی و فەرمانی کارەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. هەر یاسایەکی نەگونجاو لەگەڵ ئەم بابەتە، هەڵدەوەشێندرێتەوە.

بەندی ٦- هەموو یاساکان و مافەکان، ئیمتیازەکان، بایەخەکان، ناوەندەکان و ڕێکخراوەکان کە هۆکاری دواکەوتوویی و هەڵاواردنن، بە هەر شێوە و ناوێکەوە بن، دەبێ هەڵوەشێنرێنەوە.

بەندی ٧- هەموو مەقامات، ناوەندەکان، ڕێکخراوەکان و پێکهاتە سیاسییەکان دەبێ لەسەر بنەمای کۆماری و دێمۆکراسی بن. دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان بۆ وەدەستهێنانی هەر مەقامێکی سیاسی، ڕقابەتی عادڵانە لەژێر تیشکی یاساکان و شایستەسالاری لە پێویستییەکانی ئەم بابەتەیە کە دەبێ لە سیستەمی سیاسیی وڵاتدا ببینرێت.

بەندی ٨- لە ڕاستای وەدیهاتنی جمهوورییەت و دێمۆکراسی، ئەم گرووپە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خەڵکی هەر ناوچە، شار و پارێزگایەک باشتر لە هەر گرووپێکی دیکە، بەرژەوەندییەکان، پرسەکان، کێشەکان و چارەسەرەکان دەناسن و بەم پێیە "مافی خۆبەڕێوەبەری" وێڕای پاراستنی یەکپارچەیی سەرزەمینی و بنەماکانی یاسای بنەڕەتی، بە فەرمی دەناسێت.

بەندی ٩- "خۆبەڕێوەبەری" بە واتای مافی بڕیار، پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەکان و پلانەکان لە بوارەکانی پەروەردە، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لەلایەن مەقامە دیاریکراوەکانی خەڵکە کە بنەماکانی یاسای بنەڕەتی و یەکپارچەیی سەرزەمینی پێشێل نەکەن.

بەندی ١٠- پێکهاتەی پەروەردە، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی ئێران دەبێ لە ڕاستای عەقڵانییەت، مۆدێرنیتە، گەشە و پێشکەوتن هەنگاو هەڵبگرێت. بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنانی بەستێنێکی لائیک لە گرینگترین ئەولەوییەتەکانە. گرووپی ٢٥ی شەهریوەر خوازیاری پێکهێنانی کەشێکی فیکری و پراکتیکی لائیکە لە بوارەکانی پەروەردە، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی.

دەوڵەتی داهاتووی ئێران دەبێ هەموو هەوڵی خۆی بۆ وەدیهاتنی بەستێنی پێویست بۆ خوێندنی بەلاش تاکوو زانکۆ بدات و بیمەی بەلاشی دەرمانی بۆ هەمووان دابین بکات.

ناوەندەکانی پەروەردەی وڵات دەبێ فێرکردنی زمانی فارسی، ئینگلیزی و مەحەلی لە دەستووری کاری خۆی دابنێت.

بەندی ١١- بابەتەکانی خوارەوە لە ڕاستای پێکهێنانی کەشی لائیک، پێویستە:

١- سڕینەوەی هەموو ڕێوڕەسم، دروشم و هێما ئایینییەکان لە شوێنە گشتییەکان.

٢- سڕینەوەی وانە و واحدە ئایینییەکان لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و قەدەغەکردنی تەبلیغاتی هەر جۆرە ئایینێک لە کتێبە دەرسییەکاندا.

٣- قەدەغەکردنی مافی فەتوا لەلایەن هەر مەقامێکی ئایینییەوە لە کاروباری پەروەردە، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی.

٤- قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی بەرنامە و تەبلیغات سەبارەت بە بابەتی ئایینی لە میدیا دەوڵەتییەکاندا.

٥- قەدەغەکردنی هەر جۆرە قەراردادی شەرعی لە یاساکاندا.

٦- دامەزراندنی هەر شوێنێکی ئایینی، وانەوتنەوە تێیاندا، ناو و کاری مەقاماتەکانی، کاروباری ماڵیی هەموو ڕێکخراوە ئایینییەکان و هەروەها ناو و زانیارییەکانی ئەندامەکانی دەبێ ڕوون و بەپێی یاسای پەسەندکراوی پارلەمانی وڵات بێت.

٧- قەدەغەکردنی چالاکیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لەژێر ناو و سەردێڕی ئایینی.

٨- هەموو شوێنە دەستبەسەرداگیراوە ئایینییەکان دەخرێتە ژێر دەستی دەوڵەت، تاکوو بە مەبەستی کاروباری پەروەردە و فەرهەنگی و... کەڵکیان لێ وەربگیردرێت.

بەندی ١٢- دابەشکردنی هێز لە گرینگترین بەستێنەکانی دابەشکاری و ڕێکردنی هێزە و ڕێگرە لە بەرامبەر ئیستبداد و ئیقتەدارگەراییدا. ئەم گرووپە بەدوای وەدیهاتنی ڕاستەقینەی هێزەکان و پێکهێنانی دەوڵەت، ڕێکخراو و ناوەندە مۆدێرن و عەقڵانییەکانە و خوازیاری سڕینەوەی هەموو ناوەند و ڕێکخراوە ناپێویستەکانە.

بەندی ١٣- ئێران خاوەن یەک ئەرتەشی میللی بۆ پارێزگاری لە سنوورەکان و هێزی پۆلیس بۆ نەزمی گشتی و سازمانێکی ئەمنییەت و ئیتلاعاتی میللی بۆ پارێزگاری لە خەڵک و بەرژەوەندییەکانی وڵات لەهەمبەر دەوڵەتە بیانییەکان و گرووپە تیرۆریستییەکانە. هەموو ناوەندە هاوتەریبەکان وەک سپا، بەسیج و ڕێکخراوە ئەمنییەکان هەڵدەوەشێندرێنەوە و هێزی پسپۆڕ و میللی کە ڕۆڵێکیان لە تاوان دژی خەڵک و وڵاتدا نەبووە، لە ڕێکخراوە نوێیەکاندا تێکەڵ دەکرێن.

بەندی ١٤- هەموو ئیمتیازاتی ماڵی و غەیرەماڵیی ناوەندەکان و ڕێکخراوە هاوتەریبەکان، هەڵدەوەشێندرێتەوە و هەموو سەرمایە و داراییی ئەوان دەدرێتە دەوڵەت، خەزێنەی میللی و ناوەندە یاساییە پەیوەندیدارەکان تاکوو لەو ڕێگایەوە بدرێتە ناوەندەکان و ڕێکخراوە یاساییە نوێیەکان.

بەندی ١٥- گرووپی ٢٥ی شەهریوەر هەموو هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئازادیی بەندکراوانی عەقیدەتی و سیاسیی بەندکراوی ڕێژیم، یارمەتیدانی بازماندەگان و بنەماڵەی بەندکراوان و کوژراوانی بزووتنەوە.

بەندی ١٦- گرووپی ٢٥ی شەهریوەر دادگاییکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە لە ڕابردوودا ڕۆڵیان لە تاوان، خیانەت و تاڵانی وڵات و خەڵکدا هەبووە، لە ئەولەوییەتدا دادەنێت.

بەندی ١٧- گەڕاندنەوەی ئەموالی خەڵکی ئێران کە لەلایەن تاوانباران و تاڵانکارانەوە بردراونەتە دەرەوەی وڵات، لە ئەولەوییەتی دەستووری کاری دەوڵەتی داهاتوودا دادەنرێت.

بەندی ١٨- گرووپی ٢٥ی شەهریوەر خوازیاری کەشی بازاڕی ئازادی ئابوورییە کە دەوڵەت ڕۆڵی چاوەدێری هەیە و ئابووری لەسەر بنەمای ناوەندەکان و ڕێکخراوە تەعاونی و تایبەتەکان بە شێوەی ڕقابەتی ئیدارە دەکرێت. هەرجۆرە چالاکیی ئابووری کە ببێتە هۆی خەسارگەیاندن بە ژینگە، بە بڕیاری ڕێکخراوی پارێزگاری لە ژینگە، قەدەغە دەکرێت.

بەندی ١٩- گرووپی ٢٥ی شەهریوەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی داهاتووی ئێران دەبێ وێڕای قەبووڵکردنی یاسا نێونەتەوەییەکان، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، شەڕ دژی تیرۆریزم، ڕوونکاری لەبارەی دۆسیەی هەستەیی و زیندووکردنەوەی کەرامەت و متمانەی ئێرانییەکان، لە ڕاستای پاراستنی بەرژەوەندیی میللیی خەڵکی ئێران هەنگاو هەڵبگرێت.

بەندی ٢٠- ئەم گرووپە هەوڵ دەدات کۆمەڵگەی جیهانی، خەڵکی وڵاتان و هەروەها دەوڵەتەکان لەمەڕ مەترسییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئاگادار بکاتەوە و خوازیاری خستنە ژێر فشاری هەمەلایەنەی ئەم ڕێژیمەیە.

بەندی ٢١- گرووپی ٢٥ی شەهریوەر هەر جۆرە قەراردادی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتەکان و شیرکەتە بیانییەکان کە دژی بەرژەوەندیی میللیی ئێران بێت، یان هەڵیاندەوەشێنێتەوە یان لە ڕاستای بەرژەوەندیی خەڵک و بەرژەوەندیی میللیدا دەیانگۆڕێت.

بەندی ٢٢- دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پارلەمانی هەڵبژێردراوی خەڵک لە بوارگەلێکی وەک مەبنای مێژوو و ڕۆژژمێر، ئاڵای ئێران و سەمبولەکانی، ڕۆژانی پشووی هەفتە، هەڵوەشاندنەوەی پشووە ئیسلامی و نائیرانییەکان، دیاریکردنی جەژنە میللی و خەڵکییەکانی ئێران لە ڕۆژژمێری ئێران و شتانی هاوشێوە، ڕوویژ دەکەن و بڕیار دەدەن.